## دیكۆمێنتی نێودەوڵەتی:

# ڕێككەوتننامەی بەربەرەكانیێ و سزادانی* تاوانی جینۆساید ١٩٤٨/١٢/٩

بەم هۆیەوە كە كۆمەڵەی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیاری ژمارە ٩٦ی ١١ی دیسێمبەری ١٩٤٦دا جاڕی دا كە جینۆساید لەڕوانگەی قانوونی نێودەوڵەتییەوە بە تاوان بەئەژمار دێ و دژ بە مەبەست و نیازو مەرامەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانەو جیهانی شارستانێتی مەحكومی دەكا.

بەم هۆیەوە كە لە سەردەمی جیا-جیادا، جینۆساید زیانی زۆروزەبەندی لە مرۆڤایەتی داوە و بۆ قورتاركردنی مرۆڤایەتی لەم بەڵایە نەگریسە، چار نییەو دەبێ سەرجەم دەوڵەتان هاریكار بن.

دەوڵەتانی ئەندام لەسەر ئەمە ڕێككەوتن:

### ماددەی ١:

دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێككەوتننامەیە جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەو كاروكردانەی، چ لە كاتی ئاشتی و چ لە كاتی شەڕدا، جینۆسایدیان بەدواوە بووە، لە دیدی قانوونی نێودەوڵەتییەوە بە تاوان بەئەژمار دێن و بەڵێن دەدەن هەموو ڕێوشوێنێك بۆ ڕێگەلێگرتنیان و سزادان لەسەریان بگرنە بەر.

### ماددەی ٢:

لەم ڕێككەوتننامەیەدا جینۆساید هەر كارو كردەیەكە لەو كارو كردانەی خوارێ، كە بە مەبەستی لەناوبردنی تەواوی یان بەش- بەشی گروپێكی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی، یان ئایینی، ئەنجام بدرێ.

١- كوشت وبڕی ئەندامانی ئەو گروپە.

٢- زیانگەیاندنی بەرچاو بە جەستەو دەروونی ئەندامانی ئەو گروپە.

٣- بەئانقەست ئەندامانی ئەو گروپە، بخاتە بارێكی گوزەرانی واوە كە لەناوچوونی بەشێك، یان تەواوی گروپەكەی بەدواوە بێ.

٤- گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەوتۆ کە ڕێگە لە زاوزێی گروپەکە بگرێ.

٥- بەزۆر گواستنەوەی زارۆ و منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دی.

**ماددەی ٣:**

ئەم کاروکردانەی خوارەوە، سزایان لەسەرە:

١- جینۆساید.

٢- ڕێککەوتن بەمەبەستی جینۆسایدکردن.

٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و بەئاشکرای جینۆسایدکردن.

٤- دەست بە جینۆسایدکردن.

٥- بەشداری لە جینۆسایدکردن.

**ماددەی ٤:**

هەر کەسێ، تاوانی جینۆساید بکا، یان هەر کارێکی لەو کاروکردانەی کردبێ لە مادده ٣دا ناویان هاتووە، سزا دەدرێ ، جا تاوانکار، حوکمڕان بێ، یان کارمەند ، یان هەر تاکێکی دی.

**ماددەی ٥:**

دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن، هەر یەکەیان بەگوێرەی باری دەستووریی تایبەت بە وڵاتی خۆیان، ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بنەواشەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە دابنێن، نەمازە لە قانوونەکانی خۆیاندا سزای تاوانکاریی ئەوتۆ بۆ هەر یەکێك ببڕنەوە کە تاوانی جینۆسایدی کردبێ یان هەر کارێك لەو کارانەی ئەنجام دابێ کە لە مادده ٣دا دەقبەند کراون.

**مادده ٦:**

ئەو کەسانەی بە تاوانی جینۆساید تۆمەتبار دەکرێن، یان بە هەر کارێك لەو کارانەی لە مادده ٣دا دەقبەند کراون، دەدرێنە دادگاگەلی پسپۆڕی ئەو دەوڵەتەی کە کارەکە لەسەر خاکی ئەو ئەنجامدراوە، یان دەدرێنە دادگەیەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتی حەل و فەسلکردنی هەبێ، بۆ ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە دەسەڵاتی ئەم دادگەیان پێ پەسندە.

**مادده ٧:**

تاوانی جینۆسایدو ئەو کردەوانەی لە مادده ٣ دا دەقبەندکراون، سەبارەت بە تەحویلدانەوەی تاوانکاران، بە تاوانگەلی سیاسی دادەنرێن.

دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن لەم بارەدا، بەگوێرەی یاساگەل و پەیماننامەی تایبەت، ڕێوشوێنی تەحویلدانەوە بگرنەبەر.

**مادده ٨:**

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، ئەم پرسە بۆ دەستەی پسپۆڕی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رادەگەیەنێ و بەپێی بنەواشەکانی پەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێوشوێنی لەبارو گونجاو بۆ خۆ پاراستن، یان سزادانی کاروکردەکانی جینۆساید یان

هەر کارێکی کە لە ماددە ٣دا دەقبەند کراوە، بگرێتەبەر.

**ماددە ٩:**

هەر کێشەیەك لەنێوان دەوڵەتانی ئەندام لەم رێککەوتننامەیە بێتە گۆڕێ لەسەر لێکدانەوە، یان بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە بەکێشەی تایبەت بە بەرپرسیارەتی دەوڵەتیشەوە لە کاروکردەکانی جینۆساید یان هەر کارێك لەو کاروکردانەی لە ماددە ٣دا دەقبەند کراون، رەوانەی دادگەی دادی نێودەوڵەتی دەکرێ و بەپێی داخوازی دەوڵەتی تایینەوە.

**ماددە ١٠:**

دەقی ئەم رێککەوتننامەیە بە زمانەکانی ئینگلیزی ، فەرەنسی ، چینی ، ئەسپانی و رووسی نووسراوەتەوە و هەموویان وەك یەك جێگەی بڕوان و مێژووەکەی ٩ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٨-ە.

**ماددە ١١:**

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر دەوڵەتێکی نا ئەندام کە کۆمەڵەی گشتی داوای لێ بکا، دەکارێ تا ٣١ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٩، ئەم رێککەوتننامەیە ئیمزا بکا.

ئەم پەیماننامەیە پەسند دەکرێ و دۆکیومێنتەکانی بەراستگەڕاندن لە لای سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ و دەشێ لە ١ی ینایری ساڵی ١٩٥٠-ەوە هەر ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر دەوڵەتێکی نا ئەندام، داخوازینامەیەکی لەمبارەوە پێ گەیشتبێ، بەم رێککەوتننامەیە پەیوەست بێ.

دۆکیومێنتەکانی پەیوەستبوون بەو رێککەوتننامەیە لە لای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەپارێزرێن.

**ماددە ١٢:**

دەکرێ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم رێککەوتننامەیە هەر کات بیەوێ، ئاگاداری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوە کە ئەحکامەکانی ئەم رێککەوتننامەیە بەسەر تەواوی، یان هەندێ لەو هەرێمانەی کە کاروباری دەرەکییان بۆ هەڵدەسوڕێنێ، جێبەجێ دەبن.

**ماددە ١٣:**

لەو رۆژەی کە بیستەمین دۆکیومێنتی پەسندکردن یان پەیوەستبوون بەم رێککەوتننامەیە ﴿لەلای سکرتێری گشتی﴾ بە ئەمانەت دادەنرێ، ئەوا سکرتێری گشتی راپۆتێك دەنووسێ و وێنەیەکی لێ دەنێرێ بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە نا ئەندامەکان کە لە ماددە ١١دا بە دەق ئاماژەیان بۆ کراوە.

**مادده ١٤:**

لە مێژووی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە، بۆ ماوەی ١٠ ساڵان کاری پێ دەکرێ و دواتر بۆ ماوەی ٥ ساڵی تریش بەڕێوە دەبردرێ و بەم شێوەیە، تا ئەو دەمەی دەوڵەتانی ئەندام لایەنی کەم شەش مانگ پێش تەواوبوونی ئەم ماوەیە، ئارەزووی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی دەرنابڕنەوە.

**مادده ١٥:**

بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێ ئاگادارینامە ئاراستەی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ.

**مادده ١٦:**

دەکرێ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ، هەر کاتێک بیەوێ، بەنووسراو بۆ سکرتێری گشتی داوای چاوگێڕانەوە بەم ڕێککەوتننامەیە بکا. لەمبارەداکۆمەڵەی گشتی ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر.

**مادده ١٧:**

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە ئەندام نین لەم ڕێکخراوەداو لە مادده ١١دا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئاگادار دەکاتەوە:

أ- مۆرکردن ، پەسندکردن و پەیوەستبوون بەو ڕێککەوتننامەیە بەپێی مادده ١١.

ب- ئەو ڕاگەیاندراوانەی ئاراستەی وی دەکرێن بەگوێرەی مادده ١٢.

ت- مێژووی بەرکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەپێی بنەواشەکانی مادده ١٣.

پ- ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی مادده١٤.

ج- هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی مادده ١٥.

ح- ئەو ئاگادارکردنەوانەی ئاراستەی وی دەکرێن بەپێی مادده ١٦.

**مادده ١٨:**

وێنەی ئەسڵیی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ئارشیفی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێ و وێنەی دەقاودەقی پەسندکراوی ئەم پەیمانە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی نا ئەندام کە لە مادده ١١دا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەنێردرێ.

**مادده ١٩:**

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕێککەوتننامەیە لە مێژووی بەرکاربوونیەوە تۆمار دەکا.

**سەرچاوە:**

* لە یاسای نێودەوڵەتی وەرگیراوە.